# سەندڵ و پێڵاوی بێ پاژنە

جوانی ئێكسسوار لە شێوە و ڕەنگ و ستایلەكەیەتی، كە بە شێوازێك پێویستی بە داهێنان و كارامەیی لە هەڵبژاردنی دەبێتە یەكێك لە جوانترین هەڵبژاردنە دروستەكان، بە گوێرەی هەر مۆدەیەكی تازە لە ئێكسسوارەكان، سەرەكی و ناسەرەكی، دەبێ لە چۆنییەتی هەڵبژاردنی ئەو كەرەستەیە بە ئەنجامێكی شایستە و جوانەوە بێ، یەكێك لەو ئێكسسوارە سەرەكییانەی لەو وەرزەدا لە پێ دەكرێت، سەندڵی هاوینەیە، وەك كەرەستەیەكی سادە و ناسك و جوان، دیمەنێكی پڕ لە جوانی هەیە لە پێی خانمان، سەندڵی هاوینە، بە شێوەیەكی باریك و جوان دروست دەكرێ، كە لەگەڵ لەپێكردنی خۆشە و هەست بە ئازار ناكەیت، تەنانەت لایەنی تەندروستی تیایدا بەدی كراوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێڵاوی بێ پاژنە دەركەوتووە، كە ئەویش شێوەیەكی بەرچاو و جوانی هەیە، بە جۆرێك دەتوانین لەگەڵ جلوبەرگی فەرمی و دەرەوەش لەپێی بكەین، ئەو جۆرە سەندڵە و پێڵاوە، شێوازێكی سەرنجڕاكێش و جوانی هەیە، ئەگەر لەگەڵ جلوبەرگ یان بە تەنیا لەپێ بكرێت.



## گوارەی ناسک بۆ ڕازاندنەوەی گ





كاتێك خانمان ئێكسسوار هەڵدەبژێرن، دەبێ بە جوانترین شێوە ئامادەكاری بۆ ئەو ئێكسسوارە بكەن، كە پێویستیان بە جۆرێكی لەم ئێكسسوارەوە دەبێت، دەبێ بزانن لەگەڵ چ جۆرە جلێكدا دەیپۆشن، ئەمەش بە مانای گونجاندن دێ لە نێوان ئێكسسوار و جلوبەرگ، چونكە بە هۆی ئەو گونجاندنەوە، دەتوانین ئاستێكی جوان بەدی بكەین و لە كاتێكدا، ئێكسسواری جوانی شێوە و ڕازاوەیی خۆی هەیە و ناتوانین بەبێ جوانیی ئەو ئێكسسوارانە كاریان لەسەر بكەین، وەك ئەو ئێكسسوارانەی كە شێوە و دیمەنێكی ڕازاوەیان هەیە، یەكێكیش لەوانە، گوارەی گوێیە و بە

## كراسی كورت مۆدەی وەرزی هاوینە

وەرزی هاوینی ئەمساڵ، لە وەرزی بەهار دەچێت بە گوێرەی كەش و هەواكەی، چونكە ڕێژەی گەرمی ئەو وەرزە تاوەكو ئێستا زیادی نەكردووە، ئەگەرچی مۆدەی جلوبەرگ لە نێوان وەرزی بەهار و هاویندا هاوبەشە، واتە جلەكانیان دەكرێ بۆ هەردوو وەرز بپۆشرێن، لە كاتێكدا تەنیا گۆڕانكاری بەسەر ڕەنگی جلەكاندا دێ، چونكە ڕەنگی جلوبەرگ لە وەرزی بەهار، زیاتر پابەندە بە ڕەنگ و سەلیقەوە، لە بەرامبەریشدا لە وەرزی هاوین، زیاتر گرنگی دەدرێ بە شێوازی جلەكان، یان ستایلی جلەكان كە چ جۆرە مۆدەیەكی بۆ دادەنرێ، یەكێك لەو جلانەی لە هەردوو وەرزدا گرنگی پێدەدرێ و باوی دەبێ، كراسی كورتە، كە ئەویش مۆدەیەكی زۆر ڕازاوەی هەیە، زیاتریش ئەو كراسانەی كە كراوەن و یان بە ستایلی پەڕ پەڕ ناسراوە، كە ئەوەش لەسەر جەستەی خانمان جوانییەكی بەرچاو دەبەخشێ، تەنانەت دەكرێ ئەو كراسانە بە تەنیا بپۆشرێن بۆ بۆنە و یادی تایبەت.



# ئێلەگی توول لەگەڵ کراسی کوردی بپۆشە

گۆڕانکارییەکان بۆ کراسی کوردی، لە کاتێکدا دەبێ کە پێویستە ئەو مۆدەیە بە شێوەیەکی دیکە دەربکەوێ و شێوازێکی تایبەت بە خۆیەوە دابین بکات، لەگەڵ ئەو لایەنەشدا دەبێ خانمان ئاشنایی خۆیان دەرببڕن لە چۆنییەتی هەڵبژاردن و ئامادەکاری بۆ ئەو جلە، کە چەند کاری تازەی بۆ بکەیت، زیاتریش جوانتر و رازاوەتر دەبێت، لە رێگەی دانانی ئەو چەند ئێکسسوارانەوە، دەتوانین جلی کوردی بگەیەنین بە لووتکە، ئەو ئێکسسوارانەش بریتیین لە: کڵاوی سەر، لە قوماش و لە لیرە و زیو، ئێلەگی سەر سینگ، کە ئێلەگی زیو و توول هەیە، ئەوەی یەکەمیان لە زیوە و شێوەیەکی سەرنجڕاکێشی هەیە، هەروەها شێوەی دووەمیش کە لە قوماش دروست دەکرێت و لە شێوەی خانەی بچووکە، هەروەها توولە، ئەمەش زیاتر وادەکات کە کراسەکەی ژێر ئێلەگەکە دیارتر بێ، یان وەك جلێکی روون دەبێ تەنیا کاریگەریی خۆی بەسەر جوانی کراسەکەدا دەسەپێنێ، لە کاتێکدا ئێلەگ شێوەیەکی بچووك و خنجیلانەی هەیە، ئەمەش بۆ ئەوەی بە ناسکترین شێوە دەربکەوێ لەسەر کراسەکە.



## وێ



ناسکی خۆی دەردەکەوێ، لەسەر گوێیەکانیش بە جووڵە نەرمەکانیانەوە دەردەکەون و شێوەی گوارەش تاوەکو چەند بچووك بێ، زیاتر جوانتر و رازاوەتر دەبێ، هەروەها بۆ رەنگەکانیش، خانمان ئازادن و دەتوانن بەپێی خواستی خۆیان هەر رەنگێك بێ هەڵیبژێرن.

## ماکیاژی تۆخ بۆ هاوین



بەهۆی بەهێزیی تیشکی خۆر لە وەرزی هاویندا، هەروەها رووناکییەکەیشی بەهێز و تیژ دەبێ، بۆیە رەنگەکان لە گشت لایەنێکدا بە جوانی خۆیان دەرناکەون وتەنانەت ون دەبن، ئەمەش وەك کاردانەوەیەك بۆ بواری جوانکاری زیانبەخشە، بەهۆی ئەوەی لە جوانکارییەکدا زیاتر مامەڵە و کاریگەری لەگەڵ رەنگ دەکرێ، ئەمەش وەك دەرخستنێك بۆ جوانی رەنگ لە لایەنە جیاجیاکانی جوانکاریدا. لێرەشدا کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەیە لەسەر ماکیاژ یان رەنگی ماکیاژی رووخسار، چونکە ئەگەر لە وەرزی هاویندا ماکیاژ سادە و ساکار بێ، ئەو جوانییە دەرناخات لە بەرامبەردا کە تۆخ بێ، بۆیە دەبێ خانمان ئاگاداری ئەو لایەنە بن، بۆیە لە وەرزی هاویندا زیاتر ماکیاژی تۆخ دادەنرێت و بەمەش رەنگدانەوەی لەسەر شێوەی زیاتر دیار دەبێت و رازاوەتر دەردەکەوێت لەوەی کە ئەگەر ماکیاژەکە تۆخ نەبێت، ئەو رەنگانەی بە تۆخی دادەنرێت، رەنگی لێو و پشت چاو و ماکیاژی ئەساسی رووخسارە، بەمەش تاوەکو چەند تۆخ بێ، زیاتر دەردەکەوێ.



# کووپەی ئاو

کووپەی ئاو، کەرەستەیەکی کۆنە و بۆ هەڵگرتنی ئاو بەکاردێ، کووپە لە قوڕ دروست دەکرێ، لە قوڕێکی تایبەت دروست دەکرێت زیاتریش لە قوڕە سوورە، خۆڵێکی ورد دەهێنرێ بەبێ گرێ و بەرد بێ، واتە سادە و ورد بێ و دەکرێتە قوڕ، دواتر بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك دەمێنێتەوە، تاوەکو نەتەقێ یان بە دروستی ببێتە کووپە، شێوەی کووپە لە سەرەوە بازنەیی گەورەیە و دواتریش بچووك دەبێتەوە و لە ژێرەوەش لە شێوەی جامێکی بچووك وایە، سەرەوەی کراوەیە و هەروەها (٣) دەسکی هەیە بۆ هەڵگرتن و گواستنەوە، هەندێك لە دروستکەرانی کووپە، نەخش لەسەر کووپەکە دەکەن و دەینەخشێنن، دوای وشك بوونەوەی کووپەکە بە ئاگرێکی نەرم سوور دەکرێتەوە بەمەش ئاو ناتوانێت ئەو قوڕە ببات و تەنانەت چەند ئاوی تێبکرێت زیاتر توند و تۆڵتر و بەندتر دەبێت، کووپە کاری پاڵاوتنی ئاوە، کە کووپە تەڕ دەبێت یان ئەو ئاوەی تێدایە دەیپاڵێوێت و لەگەڵ ئەوەی هەوای بەردەکەوێت و بەمەش دەبێتە سارد بوونی ئاوی ناو کووپەکە، لە خوارەوەی کووپەی ئاو، شوێنی ئاو هاتنە خوارەوەی هەیە، کە ئەویش بەلوعەیەکی بچووکە و ئاوی لێ دەخوردرێتەوە، دەبێ ئاوی کووپە ماوەماوە بگۆڕدرێت تاوەکو کۆن نەبێت و یان ئەگەر کووپە لەسەر سێبەرێك بێت، هەردەم ئاوەکەی سارد و خۆش دەبێت.



# وێنەی (3D) سەر شەقام



وێنەکێشان بە چەندین وێنەی جوان، دەتوانن گوزارشت لە چەندەها بیرۆکە و ناخ و بابەت بکەن، کە هەر وێنەیەك کۆمەڵێك مانا دەگەیەنێت و هەنگاوێکی جوانە کاتێك وێنەکێشێك کارێکی لەم جۆرە دەکات، بەم دواییە لە وڵاتانی کیشوەری ئەمەریکا، دیاردەیەکی تازە دەرکەوتووە، ئەویش بە وێنەکێشانی شەقام و شوێنە گشتییەکانە، شێوەی وێنەکەش لە وێنەی (٣D) دەچێ، واتە وێنەی سێ ڕەهەندی کە لە ڕاستەقینە دەچێت، تەنانەت ئەو بوارە بۆتە هونەرێکی تازە و لە چەندین شەقام و شوێنە گشتییەکانی وەك ئیکوادۆر و ئەرژەنتین، ئەمەش ڕەنگە لە داهاتوودا ببێتە هونەرێکی تازە لە بواری وێنەکێشان و دیاردەیەکی نوێ لە ژیانی خەڵك.

# چیای قەرەچوغ سەرکەشی کوردستان

**ڕەوەند بەختیار**

لەگەڵ ئاوابوون لە گرد و زورگەکانی کەندێناوەو گەیشتن بە نزیك مەخموور زنجیرە چیاکانی قەرەچووغ بە بەرزی و دیمەنە جوان و دڵرفێنەکانی دەکەوێتە بەرچاو، کە تیایدا چەند ئاژەڵی کێوی تێدایە وەك ئاسك و بزنە کێوی و بەراز و زۆر ئاژەڵی دیکە لەگەڵ ئەوەش دەوڵەمەندە بە ڕووەکی خۆرسك و گژ و گیای سروشتی وەك دۆمبەڵان و کەنگر و تۆڵکەو کاردی.

ئەو زنجیرە چیایە بەرزترین لوتکەی دەگاتە (٨٧٤,٧) مەتر لە ئاستی ڕووی دەریا، لە لای باشووری ڕۆژئاوای ئەو زنجیرەیە گردەکانی زورگەزراو کەندێناوە لە هەولێر جیا دەکاتەوە



# گەورەترین تیمساح راو کرا!

گیاندارە گەورەکان، هەر یەکە شـــێوە و قەبارەیەکی دیاریکراویان هەیە، بەڵام هەندێك جار لە شـــێوەی خۆیان دەردەچن و دیاردەیەك دروست دەکەن، کە دەبن بە حاڵەتێك جێگەی سەرسوڕمانی دەنێتەوە، وەك دەزانین گیانداری تیمساح گەورەیە و تەنانەت بەهێزە، یەکێك لە زانیاریە سـەیرەکان لەسـەر تیمسـاح ئەوەیە، کاتێك دەمی لە یەکتـر دەدات، توانای هێزی (٢) تۆنی هەیە، کەچی وادیارە لە وڵاتی (گانا) توانرا گەورەترین تیمسـاح راو بکەن، ئەویش دوای ماندووبوونێکـی زۆر و بەهێزەوە لەگەڵیدا، درێژی ئەو تیمسـاحە دەگاتە (٦) مەتر و هەروەها کێشی نزیکەی نیو تەن دەبێ.





لە لای رۆژهەڵات سـنووری دەشـتی هەولێر بریتییە لە شـێ،ی ( بەستۆڕە) و چیای ( دێدەوان) کە بەرزاییەکەی ١٢٤٥ مەترە لە لای باکوریش هەریەك لە چیاکانی سەفین هەیە کە سـنووری دەشتەکەی ٧٥٨ کیلۆمەترە و پانیەکەی (٣٥) کم. ئەو زنجیرە چیایە باشـترین شـوێنی گەشت و سـەیرانە لەوەرزە گەشتیاریەکانی بەهاردا بە تایبەت بۆ ئەو گەشتیارو خەڵکانەی کە خەڵکی رەسەنی ئەو ناوچەن.



## شوو ناکەم!



شای سـویزیلاند کە شای ئەو وڵاتە خۆی بە یەکێك لە دەسـەڵاتە زلهێزەکان دادەنێت، تاوەکو ئێستا نزیکەی (١٣) ژنـی هێناوە و بڕیاری دابـوو کە بکاتە (٢٠)، ئەوەی سـەیرە هەرچـی کچی ئەو وڵاتەیـە رقی لە چارەی ئەو شـایە دەبێتەوە بەهۆی شـێوەی ناشیرین و سەر شـێتانەکەی، بەم دواییە داوای لە کچێك کردبوو کە شووی پێبکات و بەڵام کچەکە رەتی کردۆتەوە و بە هۆکارێك رووی لە وڵاتی بەریتانیا کردووە بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی لە دەسـت داوای ئەو شایە، هەروەها بڕیاری داوە سـکاڵای لەسـەر تۆمار بـکات چونکە دەیەوێ بە زۆر بیخوازێت، ئەو کچە ناوی (تنتسـوالۆ نجۆنی)یی (٢٢) ساڵە، شێوەی ئێستای ئەو کچە زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ شـای وڵاتەکـەی گوتویەتی، ئەگەر پیاو نەمێنێ لەدنیادا شوو بەو دێوە ناکەم!

# بنەمای جوانی و هاوسەگیری!

لەلای هەمـوو هۆز و نەتەوەیەك بنەمـای جوانی و شـێوەی جوان بۆ کچان و ئافرەتـان دیارە و هەر یەکەیـان بەپێی داب و نەریتەکانی خـۆی مامەڵە لەگەڵ شـێوەی جەستە و رازاندنەوەی خۆی دەکات، ئەوەش بگرە لە جوانیی رووخسـار و شـێوەی جوانیـی جلوبەرگ و ئێکسسـوار و چەندین شتی دیکە، لە وڵاتی ئەسـیوبیا، هۆزێك هەیە بە ناوی (موریسی) کە هۆزێکی نزیکەی هەزار کەسـێك دەبن و لە شـوێنێکی تایبەت بـە خۆیانەوە دەژین، لەلای ئەوهـۆزە بنەمای جوانـی دیاری کـراوە بۆ کچان و ئافرەتان، کە ئەویش بە گەورەکردنی لووت و دەم و گوێ بە شـێوەیەکی دەسـتکرد، ئەمەش وایکردووە کە ببێتە جێگەی سـەمەرەی گشت جیهان، ئەوەی سەیرە ئەگەر کەسێك بەم جۆرە نەبێت، بـاوی نابێت بۆ ئەوەی کەسـێك هاوسـەرگیری لەگەڵیدا بکات.







## ماسیش دەفڕێت!

لــە لێکۆڵینەوەیەکی تازەی زانکۆی ســیدنی لە ئوســترالیادا دەرکەوتووە، کە جۆرە ماســییەك دۆزراوەتــەوە، توانای فڕینی هەیە، ئەو جۆرە ماســییە لە قووڵایی دەریای ناوەڕاست بینراوە کە ســەر ئاو کەوتــووەو بۆ چەند مەترێك فڕیوە، لە ســەرەتادا لێکۆڵــەرەوان وای بۆچوون کە ئەوە باڵنــدە بێت، کەچی دوای ئەوەی دەیگرن و پشــکنینی بۆ دەکەن، دەبینن ماسییە و باڵی هەیە و دەشتوانێت بفڕێت.

## تەمەن و مرۆڤ!

لــەم وێنەیەدا کوڕ و باوکێك بەیەکــەوەن، وێنەی یەکەمیان لە ســاڵانێکی پێشــوودایە کە کوڕەکە منداڵە و باوکەکەش وەکو خۆیەتی تەنیا جیاوازی قژی لە نێوان پێشوو و ئێستا رووتانەوەی ســەریەتی، هەمان وێنەی دوای (٢٠) ســاڵ گیــراوە و جیاوازیەکان لە نێوان تەمەندا ببینن و بزانن چۆن مرۆڤ لەگەڵ تەمەندا چی بەسەردێ.





## بۆ زاخــاوی مێشک

*** وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (خورماتوو) بوو**




بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ناوێکی دیکە بۆ هەوا)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (بەشێکی جەستەی مرۆڤە، لە سەرەوەی چۆکە)
- پیتی خانەکانی (٥+٤+٣) کۆبکەیتەوە بە مانای (ئاگر بە زمانی عەرەبی )
- پیتی خانەکانی (٥+٤)کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی (ئا)

## پەندی ناوداران



**- گاندی دەڵێت:**

وشــەی لێبووردەییم خۆشــناوێت، بەڵام لەوە باشتر شك نابەم.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩



ئەمــڕۆ بڕیار مەدە لەبەر ئــەوەی کەش و هــەوا لەبــار نییــە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان داوای یارمەتی بکە لەدەوروبەرەکەت پێویســت بەشــەرم ناکات.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠



دڵت خۆشــەلەبەر ئــەوەی جێــی سەرنجی دەوروبەرتی، حەز دەکەیت بەردەوام ئاوا سەرنجڕاکێش بیت، لە هەنگاوەکانت دڵنیابە کەسەرکەوتن بەدەست دەهێنیت.

### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠




دوودڵ مەبــە لەکارەکــەت چونکە ئاســانکاریت بــۆ دەکرێــت و ئەم دڵەڕاوکێیــەت نامێنێت، بۆیە ئەمــڕۆ ورەت بەرزتر دەبێت، باری کۆمەڵایەتیت بەرەو پێش دەچێت.

### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢




ئەرکە خێزانییەکان زۆربەی کاتەکانــت دەبــەن. لەپەیوەندیی سۆزداری و هەڵبژاردنی هاوســەردا بە هێمنــی بیربکــەوەو بەقەناعەتەوە بڕیار بدە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١



دڵــت لــە رق و کینە پاککەرەوە. کەســایەتیی تۆ لەگــەڵ توندرەویدا ناگونجێــت، خــۆت کەســایەتییەکی نەرم و نیانی، گوڵی خۆشەویســتی بە راستی و دڵسۆزی ئاو دەدرێت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١



دۆســتێکی نزیکــت پێویستی بە یارمەتی هەیــە . بەرلــەوەی داوای بکات تۆ دەرگای هاریکاری لێبکــەوەو داواکارییەکانی جێبەجێ بکە .

## بە مانگی لە دایک بوونت خۆت بناسە

### لە دایك بووی مانگی (٧)

زۆر سەرنجڕاکێشە - خاوەن قسەی خۆیەتی - رقی لەدرۆیە - زۆر هەستیارە - بەڕێزە - وتەی شیاوە لەکاتی شیاودا بۆ کەسی شیاو - خەمبارە - ئەو پەڕی لێبووردنی هەیە- هەستی جوانە — ڕێزی هەموو کەس دەگرێت — هەندێك بە نازە.



## نوکتە

- ڕۆژێکیان پیاوێك لە ماڵدا زۆر تووڕە دەبێ، لە خۆیەوە دەڵێت: دەڵێم خۆم بکوژم و ئێوەش بکوژم و ئینجا بڕۆمە دەرێ لە ماڵەوە!

- دوو ئافرەت بەیەکەوە دەبن و یەکێکیان دەڵێت: پیاوەکەم پرخەی زۆرە و بێزارم دەکات، ئەویش دەڵێت: هەندێك بیبەری تیژ بخەرە ناو دەمی، پرخەی نامێنێت، ئافرەتەکەش بە قسەی دەکات و شەو هەندێك بیبەری تیژ دەخاتە ناو دەمی پیاوەکە، پیاوەکە لە جیاتی پرخە، دەڵێ: وی وی وی!!!

## بەرزترین قژ!

لە ژمارەی پێشوودا باسمان لە مۆدەی قژێکی سەیر کرد کە کەسێك بوو، قژی سەری لەسەر شێوەی خشۆکێك کردبوو، هەروەها بە ڕەنگێکی سەوزیش بۆیەی کردبوو، ئەمجارەیان باس لە لایەنێکی سەیرتر دەکەین لە بارەی قژەوە، ئەویش ئەو کوڕە گەنجەیە لە وڵاتی هەنگاریا دەژی، قژی بۆ بەرزترین شێوە بەرزکردۆتەوە، کە درێژیی قژی دەگاتە مەتر و نیویك بۆ ئاسمان، لە چاوەڕوانی ئەوەشدایە کە ناوی بخرێتە کتێبی گینسەوە.




## یاری پیت ڕیزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی ناوی گۆرانیبێژێکی کوردت بۆ دەردەچێت :

ه ه ا ك ز ی ر

وەڵامی ژمارەی پێشوو :حەمرین



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

بەهۆی نەرم و نیانیت جێگای خۆت لە دڵی کەسانی دەوروبەرت کردۆتەوە، لەماوەی داهاتوودا پێویستە زیاتر بایەخ بەتەندروستیت بدەیت.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

چەند هەنگاوێکی سەرکەوتووانە لە زۆربەی بوارەکاندا دەنێیت، کە دەتوانیت بەسەر هەموو ئەو پیلانانەی کە بۆت دارێژراوە زاڵ بیت.




**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

ئەوەندە بیر لە یادگارییەکان مەکەوە، چونکە هیچ لە ژیانی داهاتووت ناگۆڕێت، لە گفتوگۆیە هەستیارەکان خۆت دوورەپەرێز رابگرە.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

خۆشەویستەکەت تێبگەیەنە کەئەو بڕیارەی داوتە لێی پاشگەزنابیتەوەو بەرژەوەندی هەموو لایەنەکانت تیایدا ڕەچاو کردووە. پەیوەندیت بە ئەندامانی خێزانەکەتەوە بەرەو باشی دەچێت.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

ئەمڕۆ ڕۆژێکی باشە بۆ ئەوەی لەپرۆژەیەکی بازرگانی ببیتە هاوبەش . ئامۆژگاری لەکەسێکی بەئەزموون وەربگرەو قسەی خۆشەویستانت لەلا گرنگ بێت.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

تۆ دوورە پەرێزیت و خاوەن کەسایەتییەکی تەماویت، هەوڵبدە خۆت لە هاوڕێکانت نزیك بکەیتەوە، بەمەش مەترسی لەسەر ئایندەی ژیانت لەسەر ئاستی پیشەیی وسۆزداری کەم دەبێتەوە .